# نوال سەعداویەکان لەجیگای ئەوەی مەدالیای شانازی و مرۆڤایەتی وەربگرن زیندانی وە تەهدید بەمەرگ دەکرین !

**هلاله رافع**
halala_rafii@yahoo.com



له کاتیکدا که لەسەرووبەندی ریکخستنی کاری کۆنگرەی نیونەتەوەی ژنان بووین له ( ریکخراوی داکۆکی لو مافەکانی ژنانی عیراق) له سوید له ژیر ناوونیشانی ( مافەکانی ژنان له نیوان کۆت و بەندە ناوچەییەکان و پیوانە جیهانیەکاندا) له سالی 2005، بیرمان لەوە ئەکردەوە که یەکیك له ناوداران وە داکۆکیکەرانی مافه جهانیەکانی وە ئینسانیەکانی ژنان له وولاتە عەرەبیەکانەوە بانگ بکەین، بە بی یەك و دوو زۆربەمان کەوتینە بیری (نوال السعداوی).

بۆچی یەکسەر ئەو ژنە 80 سالە قژ سپیەمان هاتە خەیال؟

پیم وایە زانینی هۆکەی زۆر ئاسانە، ئیمە هەمووومان وە هەموو ئەو ژنانەی کە نزیکە تەمەنی ئیمەن وە یان گەورەتر وە بچوکتریش، لەسەردەمانیکەوە کە چاووگویمان کراوەتەوە وە زانیومانە ژنان لەکۆمەلگادا بەشیوازی جۆراوجۆر چەوساونەتەوە دەستمان بردوە بۆ کتیبەکانی نەوال سەعداوی، کچان هەر لەسەرەتای گەنجیانەوە هەر لە یەکەم دەورەی مانگانە کە رووداویکی ترسناك بوە بۆیان تا کاتی بەشودانیان کە نەیانزانیوە ئایا چارەنوسیان لەگەل کەسیکی غەریب کە بۆیان دیاریکراوە چی بەسەر دیت، وە هیچ دام ودەزگایەکی کۆمەلایەتیش نەبوە بەخەمی رۆشنکردنەوەی ئەم گرفتانەوە بیت بۆ ژنان وە لاوان، وە له هەمان کاتدا لەناو خیزانەکاندا باسوو خواس لەسەر ئەم جۆرە بابەتانە نەکراوە وە ئەتوانم بلیم قەدەغە وە تابۆ بوە. جا له باروودۆخیکی لەم چەشنەدا کچان پەنایان بۆ ئەوە بردوە کە بە بەدزیەوە ( الف سؤال و سؤال حول الجنس) و کتیبەکاني تري نەوال السعداوی بخویننەوە .

سەبارەت بە دیاردەی وەحشیانەی خەتەنەو حجاب و جۆرەها چەوسانەوەی دەروونی و کۆمەلایەتی کە ژنان رووبەرووی بونەتەوە باسەکانی لە کتیبەکانی ئەم ژنە سەرسپیەدا هاتوە وە قسەی لەسەر کراوە.

پیم وابی زۆربەی کۆمەلگای رۆژهەلات بە ژن وە پیاویەوە کاتیك کە پەی بەو چەوسانەوە بی ئەندازەیە بردبیت کەبەسەر ژنانەوەیە یەکیك لەسەرچاوەی زانیاریەکانی نەوال سەعداوی بووە، وە ئەم زانیاریانەش له سەرەنجامی چەندەها ئەزموونی هەم واقعی وە هەم ئەکادیمییەوە سەرچاوەیان گرتوە. نەك تەنها ئەمانەش بەلکو وەك دکتۆریکی ژنانیش بوەتە شوینی دالدەی ژنانیکیش کە گرفتی نامووسپەرستیان هەبوە وە له مەرگ رزگاری کردوون.

نوال السعداوی نوسەریکی واقعی فیمینیست بوە وە لەهەمانکاتدا رەخنەگریکی ئازاوو چاونەترس بوە له بەرامبەر سیستەمی سیاسی دەولەتە عەرەبیەکان وە یاساکانی دژە ژنیان. وە لەهەمان کاتدا زۆر راشکاوانە جەهالەت وە دەورونەخشی داروخینەرو درندانەی ئایینی لە بەرامبەر مرۆڤایەتی وە مافەکانی ژناندا خستوەتە روو.

ئەمانە هەموو وە هەزارەهای تریش  کیشەو نەخۆشی خەتەرناکن کە ژنان رووبەروی دەبنەوە، وە کۆمەلگا و یاسا بەرپرسن بەرامبەر بەم نەخوشیە کۆمەلایەتیانە،  بەلام  لیرەو لەوی نەوال سەعداویەکان بەخەمیەوەن وە فیداکاری بۆ دەکەن، کەچی لەجیگای ئەوەی مەدالیای شانازی وە مرۆڤایەتی وەربگرن زیندانی دەکرین، تەهدید بەمەرگ دەکرین وە لەشوینی ژیانیان دوردەخرینەوە.

بەراستی درندەی وە نائینسانی هیزی ئیسلامی سیاسی لە ئەندازەدا نیە، وە ئەوەی کە بۆ یەك چرکە دلی بۆ شادی و بەختەوەری تاکەکانی کۆمەلگا لیدەدات ئەرکی سەرشانیەتی کە لەبەرامبەریان بوەستیتەوە وە داکۆکی کەر بیت لە نەوال سەعداویەکان لە هەموو شوینیکی ئەم دونیایەدا.